سەرۆک وەزیران وپادشای بەحرەین تاوتوێی پێوەندییە دووقۆڵییەکان دەکەن

ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ شای بەحرەین حەمەد بن عیسا ئال خەلیفە، تاوتوێی پێوەندییە دووقۆڵییەکان و پتەوکردنی هاوکاریی بنیاتنەری کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەع کەوتووە، دەڵێت: محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران، پێوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ خاوەن شکۆ حەمەد بن عیسا ئال خەلیفە شای بەحرەین ئینجامدا و تێیدا بەبۆنەی یادی جەژنی نیشتمانیی شانشینی بەحرەینەوە پیرۆزبایی لێکرد.

بەپێی بەیاننامەکە، لە پێوەندییەکەدا، جەختکرایەوە لەسەر قوڵایی پێوەندییە دووقۆڵییە تایبەتەکان لە نێوان هەردوو وڵاتی برادا، هەروەها ڕەگەکانی پتەوکردن و پشخستنیان لە بوارە جیاوازەکاندا، بەجۆرێک خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکات و هاوکاریی بنیاتنەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەحدییە جیاوازەکاندا بەهێزتر بکات.